# خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کۆیە
# لە دژی سیاسەتی دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتی عێراق ١٩٢٠-١٩٧٦
## توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە

**د. ئاراس عبدالرحمن مستەفا**
**زانکۆی ڕاپەڕین- فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان**
**بەشی مێژوو**

**پێشەکی:**

کاتێک جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتایی هات، ئینگلیزەکان و هاوپەیمانەکانی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، لێرەوە ئینگلیزەکان سیاسەتەکەیان بریتی بوو لە سەپاندنی حوکمی ڕاستەوخۆ بەسەر یەکێک لەو دەوڵەتانەی کە لە کەنداوی عەرەبی دروستیان کرد بریتی بوو لە دەوڵەتی عێراق، ئەمەش وای لە خەڵکی عێراق کرد کە ئەم جۆرە سیاسەتەی ئینگلیزیان قبوڵ نەبێت، بۆیە چەندین ڕووبەڕووبونەوەو خۆپیشاندان و ڕاپەڕین ڕوویاندا وەکو ڕاپەڕینی شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩١٩، دواتر شۆڕشی ١٩٢٠ زۆربەی شاروشارکانی عێراقی گرتەوە ، دوای دە ساڵ لە ڕاپەڕین و شۆڕشی بیست ڕاپەڕینی ٦ ئەیلولی ١٩٣٠ بەردەرکی سەرای سلێمانی سەری هەڵدا کە لە دوای ئەو ڕاپەڕینەوە خەباتی کورد گۆڕانی بەسەرداهات و چووە قۆناغێکی گرنگەوە ئەویش گواستنەوەی خەبات بوو لە شاخەوە بۆ شار، بەم شێوەیە چەندین خۆپیشاندان و ڕاپەڕین لەکوردستان سەریان هەڵدا بە تایبەتی لە شاری کۆیە لە سەردەمی پاشایەتی (١٩٢١-١٩٥٨ ) هەروەها سەردەمی کۆماری کە لە ١٩٥٨ دەست پێدەکات و تا ئێستا بەردەوامە.

ئامانجی من لەم توێژینەوەیەدا بریتی یە لە دەرخستنی ڕۆڵی خەڵکی کۆیە لە بەگژداچوونەوەی سیاسەتی دوژمنکارانەی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەرامبەر کوردستان و گەلی کوردو مافە ڕەواکانی، کە لەم

پێناوەشـدا خەڵكـی كـۆیەو دەوروبەری قوربـانیەكی زۆریانـداو بەشـداریەكی كاریگەریان لە مەیدانی خەباتی رزگاریخوازی گەلی كورددا هەبووە.

ئەم توێژینەوەیەش بۆ یەكەمجارە بە شێوازێكی زانستیانە ئەنجام دەدرێت و ریزبەندی بۆ سەرجەم خۆپیشاندان و راپەڕینەكانی شاری كۆیە دەكرێت و رۆڵی خەڵكی كۆیەو دەوروبەری بەدیار دەخرێت و لە مێژووی گەلی كورددا تۆمـار دەكرێـت، كە دەكرێـت لە داهـاتوودا گرنگـی زیـاتری پێبـدرێت لە چوارچێـوەی تـوێژینەوەی ماسـتەرنامە یـان دكتـۆرا لێكـۆڵینەوەی زیـاتری لەسـەر بكرێـت، چـونكە نـزیكەی یەك سـەدە خەڵكـی كـۆیەو دەوروبەری بەردەوام لە روبەرووبـــوونەوەی سیاســـەتەكانی حكـــومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراقدا بوون.

گرفتەكان زیاتر خۆیان لە نەبوونی سەرچاوەی پێویست دەگەڕێتەوە وەكو نەنووسینەوەی بیرەوەریەكان لەلایەن كەسانی بەشداربوو، یان چاوپێكەوتن نەكـردن لەگەڵیـان، بـۆیە لە ئیسـتادا بەشـێكی زۆر لە كەسـانی بەشـداربوو لە ژیاندا نەماون یان ئەوانەی لە ژیاندا ماون دەبێت زۆر هەوڵیان لەگەڵ بدرێت تاوەكو بیرەوەریەكانی رۆژانی خۆپیشاندانیان بیر بێتەوە.

بێگومان هەموو توێژینەوەیەك لە بواری نووسینی مێژوویدا پێویستی بە جۆرێـك و شـێوازێك لە میتـۆدی لێكـۆڵینەوە هەیە كە پشـتی پـێ ببەسـترێت، بـۆیە لەم تـوێژینەوەیەدا هەوڵـدراوە بە پێـی پێویسـت سـود لە میتۆدەكـانی لێكۆڵینەوەی مێژوویی وەربگرین و لە كـاتی نوسـینەوەی ئەو تـوێژینەوەیەدا پەیڕەوی بكەین، بریتی یە لە رێبازو میتۆدێكی مێژوویی سیاسی شیكاری .

ئەم تـوێژینەوەیە لە دوو بەش پێكهـاتووە، بەشـی یەكەم تەرخـان كـراوە بـۆ كورتەی شوێن و ناوی كۆیەلەگەڵ خۆپیشاندانەكانی خەڵكی شاری كۆیە لە نێـوان سـاڵانی ١٩٢١-١٩٤٨، بەشـی دووەمـیش بریتـی یە لە خۆپیشـاندان و راپەڕینەكانی خەڵكی شاری كۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٢-١٩٧٦.

لەم لێكۆڵینەوەیەدا پشت بە چەندین سەرچاوەی گرنگ بەستراوە ، لەوانە كتێب و بیرەوەری و چاوپێكەوتن لە گرنگترین ئەو سـەرچاوانەش بریتـی یە لە جەلال تاڵەبانی: كوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی كورد، هەروەها جەمال فەتحـولا تەیـب: كـۆیە ١٩١٨-١٩٥٨، چاپی دووەم، د. كەمـال مەزهەر : چەنـد لاپەڕەیەك لە مێـژووی گەلـی كـورد، بەشـی یەكەم، هەروەهـا كەمـال مەزهەر: كـوردو كوردسـتان لە بەڵگەنـامە نهێنییەكـانی حكـومەتی بەریتانیـدا، بەرگـی

یەکەم، لەگەڵ گاهر ئەحمەد حەویزی: مێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی الوفاو، بغداد، ١٩٦٢. هەروەها بیرەوەریەکانی فاتح رەسوڵ : له کاروانێکی دورو درێژدا کورتەی خەبات و ئەزمونی پەنجا ساڵ، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧. ئەم سەرچاوانه سودێکی زۆر باشیان بۆ ئەم تویژینەوەیه هەبوو ، ئەوەی ماوەتەوە له شیکاری سەرچاوەکان ئەوەیە کە ئەو چاوپێکەوتنانەی ئەنجامدراون لەگەڵ ئەو کەسانەی کە رۆڵیان له رووداوەکانی خۆپیشاندانەکان هەبووە یان ئاگاداری وردەکاریەکانی بوون، ئەمەش گونجاوە لەگەل نوسینەوەی مێژوویی کە بە زارەکی ناسراوە. ئەمەش گونجاوە لەگەڵ نوسینەوەی مێژوویی کە بە زارەکی ناسراوە

**بەشی یەکەم / شوێن و ناوی کۆیەو خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شاری کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٤٨**

قەزای کۆیە کەوتۆتە بەشی باشوری رۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر، له باکوری رۆژهەڵاتیدا زنجیرە شاخەکانی هەیبەت سوڵتان وەک سنوورێکی سروشتی ئەم قەزایە لە پارێزگای سلێمانی جیا کردۆتەوە، زێی بچووکیش له بەشەکانی باشوریدا سنوری لەگەڵ پارێزگای کەرکوک پێکدێنێت، سەبارەت بە ناوی کۆیە لە زۆر سەرچاوەدا بە ناوی جیاجیا هاتووە وەک (کۆهسار، کۆپار، کویسنجق، کۆ، کۆیە...) (ئەحمەد ١٩٦٢: ٢٢).گەلێک بۆچوونی تر هەیە دەربارەی بنچینەی ناوی کۆیە کە هەریەکەیان بە شێوەیەک باسی کردووە(تەیب٢٠٠٨: ٢٦-٣١). کۆیە یەکێکە لەو شارانەی کە بە درێژایی دەسەڵاتدارێتی حکومەتی عێراق ملی بۆ سیاسەتەکانی حکومەتە یەک له دوای یەکەکانی عێراق کەچ نەکردووە، هەمیشە هەڵوێستی جوامێرانەی بەرامبەر رووداوو گۆڕانکاریەکان هەبووە، بەردەوامیش بە هۆی زیندوویی و وشیاری خەڵکەکەی زۆرترین رۆڵیان لە خەبات و جوڵانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی عێراق و کوردستاندا هەبوو، بۆیە دەسەڵاتدارانی عێراق سیاسەتێکی زۆر خراپیان بەرامبەر خەڵکی کۆیە پیادە کردووە.

**١- خۆپیشاندان و راپەڕینی کۆیە لە ٨ی ئەیلولی ١٩٢٠ دا**

له دوای کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و داگیرکردنی عێراق و باشوری کوردستان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، بارودۆخێکی تازە لە رووی

سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئیداری هاتە کایەوە، سەردەمانێکی زۆر دانیشتوانی کوردستان و سەرۆک هۆزو عەشیرەت و دەسەڵاتدارانی کورد لەگەڵ شێوازی حوکمڕانیکردنی دەوڵەتی عوسمانی راهاتبوون ، بۆیە هاتنی ئینگلیزەکان بۆ کوردستان و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی و کۆتایهێنانی بە دەسەڵاتداریتی سەرۆک هۆزو عەشیرەتەکان و دورخستنەوەی لایەنگرانی تورکەکان کارێک بوو بە ئاسانی قبوڵ نەدەکرا، کاتێک شۆرشی بیست لە بەغدادو هەندێک شاری تری عێراقدا لە دژی ئینگلیزەکان بەرپا بوو، لە کوردستانیش لە شاری کۆیە خەڵک بەشداری ئەو شۆرشەیان کردو لە ٨ ئەیلولی ١٩٢٠ ئەفسەری سیاسی ئینگلیز ئەو شوێنانەی کە بنکەو بارەگای ئینگلیزی لێ بوو لە رێگای دژایەتیکردن و نارەزایەتی خەڵکەوەو هەروەها بەهۆی پەلامارداني خەڵکی کۆیەو دەوروبەری بە ناچاری شاری کۆیەو دەوروبەریان بەجێهێشت(مەزهەر١٩٨٥: ١٦٩).

شایانی باسە ئینگلیزەکان جارێکیتر لە ساڵی ١٩٢٢ دا لە ناوچەکانی پشدەرو بیتوێن شکستیان هێنا، سەربازەکانیان بە هەڵەداوان( شپرزەیی ) گەیشتنە کۆیەو چوونە ناوسەربازگەکانی ئینگلیز بەڵام بەهۆی نارەزایی و راپەرینی خەڵکی کۆیە نەیان توانی لەوێش خۆرابگرن و کۆیەشیان بەجێهێشت ([1]).

[1] - هەر لەم بارەیەوە عەبد جاسم دەڵێت:" کە ئینگلیزەکان بە خۆیان و ( ٧٥ ) بریندارەوە بە شپرزەیی لە دەشتی بیتوێن گەیشتنە کۆیە، لەبەرەبەیاندا یەکسەر دەرگای مزگەوتەکانیان گرت، هەر کەس بۆ نوێژکردن بچوبایە راپێچیان دەکردو هەر چوار کەس دەبوو بریندارێک هەڵبگرن بەرەو تەق تەق ملی رێگایان پێ دەگرتن ، سەیر لەوەدا بوو زۆربەی بێ پشتێن و بە سینگی بەرەڵا، هەندێکیشیان بە سەری رووت تووشی ئەو بێگاریە بوون، بەهەر حاڵ پاش ئەرک و دەردەسەری دەگەنەجێ ، ئەوسا مودیر ناحیە ( عەولاغای حەوێزی بوو، حەزی لە چارەی ئینگلیزەکان نەدەکرد، من لەگەڵ رێککەوتم ( کەڵەک) یان بۆ هەڵبەستم بیانبەم بۆ شاری پردێ ، داوای هەزار رووپیەش بکەم، عەلاغاش لای ئەوان خۆی تورە بکات و بڵێ ئەوانە لێقەوماون دەبێت بە ٧٥٠ رۆپیە هەڵیان بگرم، بەم چەشنە ئینگلیزەکان بە سواری کەڵەک بەرێ کەوتن و هێزێکی چەکداریشیان لەمبەرو ئەوبەری روبارەکە بۆ پاراستنیان کەوتە رێ و هەموویان لە هەمان رۆژدا گەیشتنە پردێ، تەنها بریندارێکیان لە رێگادا لێ مرد" ، بروانە عبدالخالق علاو الدين، مەلای گەورە زاناو ئەدیب و شاعیر، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٣٩-٤٠ .

بۆ نمونه کاتێک تورکەکان له ساڵی ١٩٢٢ هاتنەوه کۆیەو لەلایەن بەشێک له خەڵک و سەرۆک هۆزەکان پێشوازیان لێکرا، ئینگلیزەکان کەوتنه بۆردومانکردنی کۆیەو دەوروبەری و خەڵک بە رۆژ بە ناچاری شاریان بە جێدەهێشت و بە شەو دەگەڕانەوه ناو کۆیه لەم بۆردومانەدا چەندین کەس گیانئیان لەدەستداو برینداربوون و بۆردومانەکەش چەند رۆژی خایاند. (تەیب، س پ:٨٥)

ئەوکاتەی رژێمی پاشایەتی عێراق بنەماکانی دەسەڵاتی خۆی بە هاوکاری ئینگلیزەکان لە عێراقدا چەسپاند، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا خۆپیشاندان و راپەڕین و شۆڕشەکانی کوردستان بە زەبری هێز سەرکوت بکات، بە پێی یەکێک لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی موستەعمەراتی بەریتانی، ئینگلیزەکان هەموو هەوڵێکیان داوه خۆپیشاندان و شۆرشی کورد له ناوچەکانی سۆران و بادینان ناوچەی بارزان سەرهەڵنەدا، چونکە دەیانزانی کورد بەگشتی لەو سیاسەتەی رژێمی پاشایەتی عێراق و ئینگلیزەکان بێزاره. (مەزهەر، ٢٠٠٩: ١٩٦ ) دیاره ئەم سیاسەتەی ئینگلیز تەنها بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکه بووه، ئەویش بەو ئامانجەی کە بتوانێ رێگا بازرگانیەکان ئاسایشیان تێدا پارێزراوبێت بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان بە ئاسانی هاتوچۆ بکەن و ئامانجە ئابوری و سیاسی و سەربازیەکانیان بێننە دی.

ئینگلیزەکان لەگەڵ هاتنیان بۆ عێراق و داگیرکردنی کوردستان و گرتنی شێخ مەحمود و سەرکوتکردنی شۆرش و جوڵانەوەی کورد نەیان توانی خەباتی کورد بۆ بەدیهێنانی مافەکانی لەبیر خەڵکی کوردستان بەرنەوه، بەڵکو نارەزایەتیەکانی کورد دژی ئینگلیز بەردەوامی هەبوو،تا ئینگلیزەکان ناچار بوون بۆ گەڕانەوەی ئارامی بۆ ناوچەکە شێخ مەحمودیان ( ١٨٨٢-١٩٥٦ ) گەڕاندەوه بۆ کوردستان، ([٢]) ئەویش له ساڵی ١٩٢٢ له سلێمانی حکومەتێکی سەربەخۆی دامەزراند کە شاری کۆیەش لە چوارچێوەی ئەو

[٢] - ئەو کاتەی ئینگلیزەکان گفتی کوردستانێکی سەربەخۆیان بە شێخ دەدا، لە هەمان کاتدا بە شا فەیسەڵیان دەوت کە خوارووی کوردستانیش بە عێراقەوه دەلکێ، ئەو کاتە تا ئەم دوو فاقیە یەکلا دەبۆوه زۆر سەرۆک هۆزیان لە شێخ راست دەکردەوەهیچ چارەسەرێکی دی بۆ شێخ نەمایەوه جگە لەشەڕکردن بە گولله دژی ئینگلیزەکان ، بڕوانە جەمال نەبەز : کوردستان و شۆڕشکەی، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٠٢-١٠٣.

حکومەتە خۆجێیەدا بوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو ئینگلیزەکان کەوتنەوە لەشکرکێشی دژی کوردو حکومەتەکەی و بۆردومانکردنی شاروشارکانی کوردستان بە تایبەتی سلێمانی کە بە دەیان کەس گیانیان لەدەست داو بریندار بوون و بە دەیان خانووی هاولاتیان و رەزو باخ کاول کران و سوتێنران، دواجار لە ساڵی ١٩٢٤ دا ئینگلیزو حکومەتی تازە دامەزرێنراوی عێراق حکومەتی شێخ مەحمودیان شکست پێهێنا.( یەڵدز ١٠٢:٢٠٠٧ -١٠٣ ).

ئینگلیزەکان بەوە وازیان لە کورد نەهێنا بەردەوام لە هەر شوێنێک کەسێک یان عەشیرەتێکی کورد یان ناوچەیەکی کوردستان داوای مافی کوردی بکردایە بە فڕۆکەو هێزی سەربازی پەلاماریان دەداو کاول و تالانیان دەکرد، بە تایبەتی لە ٦ ئەیلولی ١٩٣٠ دا کاتێک خەڵکی سلێمانی بۆ داواکردنی مافە ڕەواکانی کورد و رەتکردنەوەی پەیماننامەی ١٩٣٠نێوان ( عێراق-بەریتانیا ) خۆپیشاندانیان کرد، هێزەکانی حکومەت و ئینگلیز زۆر بە توندی وەڵامی خۆپیشاندەرانیان دایەوە چەندین کەس کوژران و برینداربوون، ئەم رووداوەش لە تەواوی کوردستان رەنگی دایەوەو لە زۆربەی شارو شارکانی کوردستان خۆپیشاندان و راپەڕین ئەنجامدرا، کاتێک کە راپەڕینی جەماوەری لەسەر دەستی کاسبکاران و زەحمەتکێشان و بازرگانان و خوێندکاران و مامۆستایاندا روویدا ، کە سەرکردەکانیان رۆشنبیران و کاسبکاران بوون لە خەڵکی شارەکان، ئەوەش پەرەسەندنێکی نوێ بوو لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا.( تاڵەبانی٢٠١١: ٩٥).

ئەم راپەڕینە کاریگەری زۆری هەبوو لە سەر هەستی نیشتمانی هاولاتیانی کوردستان بە گشتی و خەڵکی شاری کۆیە بە تایبەتی ، چونکە گواستنەوەی خەباتی چەکداری و شۆڕش بوو لە شاخەکان بۆ دژایەتیکردنی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق و ئینگلیز لە رێگای خۆپیشاندان و راپەڕینی جەماوەری شارەکان، دواتریش بە تایبەت لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی خەڵکی کۆیە بەردەوام خۆپیشاندان و راپەڕینیان ئەنجام دەدا، چونکە کەسانێکی زۆر رۆشنبیرو خوێندەوار، نوسەرو سیاسەتمەدار لە شاری کۆیە بوون و خەڵکی کۆیە بوون و رۆڵی گرنگیان لە گۆڕانکاریەکانی عێراق دەبینی

لەوانە مەسعود محەمەد و کاکە زیادو ([3])عومەر دەبابەو جەلال تاڵەبانی و ...هتد.

## ٢- راپەڕینی مایسی ١٩٤١ لە عێراق و ڕۆڵی خەڵکی کۆیە لەو راپەڕینەدا

ڕاپەڕینی مایسی ساڵی ١٩٤١ بزوتنەوەیەکی شۆڕش گێڕانەی ڕەوای گەلی عێڕاق بوو دژی ئینگلیزی داگیرکەر کە لە هەلومەرجێکی زۆر ئاڵۆزو نالەباردا بەرپا بوو لەم بزوتنەوەیەدا رۆڵی کورد لە خەباتی جەماوەردا زیاتر خۆی ناساند ، کوردستان . وەک گشت ناوچەکانی تری عێڕاق بە جارێک خرۆشاو ڕۆژنامەکانی پایتەخت بۆ بروسکەی پشتگیری دانیشتوانی کوردستان تەنرابوون، لە ناسراوانی کوردستان عەلی دۆغمەرەچی و هەموو دوغرمەچی بەناوبانگەکانی هەولێر، فایق تاڵەبانی و عارف تاڵەبانی و فایق تۆفیق و کوڕانی نوری باوێل ئاغا و گەلێکی تر بروسکەی پیرۆزباییان داوە بە ڕەشید عەلی گەیلانی لە بەغدا، هەر ئەو ڕۆژانە بە دەیان سەرەکی هۆزی ناسراوی کوردستان بروسکەی پشتگیریان ناردۆتە بەغدا، یەکێک لەوانە حەوێز ئاغای کۆیە هەروەها لاوانی کوردی بەغدا و شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە دەیان و سەدان بروسکەی پشتگیریان بۆ رەشید عالی گەیلانی

---

[3] - محەمەد زیاد ئاغای غەفوری ناسراو بە ( کاکە زیاد ) لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری کۆیە لە بنەماڵەیەکی بە ناوبانگ لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارە تەواو کردووە، لە ساڵانی سیەکانی سەدەی ٢٠ دا چۆتە کۆڕی خەبات و تێکۆشان بووە بە ئەندام لە کۆمەڵەی ( جمعیە المنورین ) دواتر چۆتە ناو حیزبی هیوا، بەشداربوویەکی گرنگی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد بووە لە یەغداد، ساڵی ١٩٤٧ لەسەر شاری کۆیە بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەمیشە وەک بەرهەڵستکارێک لە ئەنجومەن دەرکەوتووە لە نێوان ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیست شۆڕشگێڕێکی دیاربووەو لە هەموو رووداوو گۆڕانکاریەکاندا بەشداربووە، لە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول روودەکاتە ئێران ، بە هۆی نەخۆشی یەوە لە ١٢ نیسانی ١٩٩١ کۆچی دوایی دەکات، کریم شارە زا : محمد زیاد ئ‌غا الغفوری ١٩١٤-١٩٩١... نائب کویسنجق ومزکرە دفاعە عن البارزانیین المعتقلین فی العهد الملکی ، صوت الاخر ( مجلە ) ، العدد (٢٤٧ )، اربیل ، ٢٠٠٩/٦/١٧ ، ص ٤ .

ناردووه یەکێک لەو لاوانەی کە خەڵکی کۆیە بووە ئەویش کاکە زیاد بووە.( مەزهەر٢٠٠١: ١١٥-١٣١).
هەروەها زانایانی ئاینی و مەلاو شیخەکان بۆ پشتگیرکردنی راپەڕینی مایسی ١٩٤١ فەتوایـان دەرکـردەوە روبەڕوبـونەوەی ئینگلیـز هاوپەیمانەکـان و دۆسـتەکانی بە بە کـارێکی رەوایـان زانیـوەو وەک جیهـاد کـردن لێکیـان داوەتەوە (الحسنی ١٩٨٨: ٢٩). دیارە ئەمەش کاریگەری زۆری کردۆتە سەر خەڵکی راپەڕیو بە تایبەتی لە شاری هەولێرو سلێمانی و شاری کۆیە، چونکە ئەم شـارە لە کـۆنەوە چەنـدین زانـاو مەلای گەورەی لێهەڵکەوتـووە و کاریگەریان زۆر لەسەر خەڵک هەبووە.
خەڵکی کۆیە کاتێک بە خۆپیشاندان و راپەڕینەکەی شاری هەولێریان زانی دەستیان بە خۆپیشـاندان کرد و پشتیوانیان لە راپەڕینی مایسی عێراق بە گشتی و هەولێر بە تـایبەتی کرد، چونکە راپەڕینەکەی هەولێر زۆر گەورە بوو، دەنگدانەوەی گەورەی دروست کردو ماوەی چەند رۆژێکی خایاند، لەو سەردەمەدا شاری کۆیە بروسکەیەکی پشتیوانیان بە ناوی هەموو خەڵکی کۆیەوە بۆ رەشید عالی گەیلانی نارد لەو بروسکەیەدا هاتووە ( لەسەر جێبەجێکردنـی ئەرکـی پیـرۆزی سەرشـانمان بەردەوامـین بـۆ پتەوکردنـی پەیوەندی و بەهێزکردنی قەوارەی نیشتمان و بەرزکردنەوەی ئاڵای یەکێتی بە راپەری بەڕێزتـان، بـێ وچـان پـارە بـۆ پشـتگیری لەشـکری دلێرمـان کـۆدەکەینەوە بـۆ هەمـان مەبەسـت، سـبەینێ دەچینـە هەولێـر، چـاوەڕوانی فەرمانتانین بۆ جێبەجێکردنی هەموو داوایەکتان تا بەسەرکەوتوویی بواری ئەم خەباتە پیرۆزە ببڕین ) (مەزهەر ٢٠٠١: ١٣٨-١٣٩).
دیارە هاوڵاتیانی کورد بە گشتی و کۆیە بە تایبەتی زیاتر لەبەر ئەوەی پشتگیریان لە جوڵانەوەی رەشید عالی دەکرد چونکە بە دۆستی ئەڵمانیاو سەرکردەکەیان دەزانـی، ئەوتنیش لە بنەڕەتدا لە نەتەوەی ئـارین، هەروەک کوردەکان لەم رەگەزن و جگە لەوەی سەرسام بوون بە کەسێتی هیتلەر.

## ٢- خۆپیشاندانی خەڵکی کۆیە لە ٢٧ کانونی دووەمی ١٩٤٨

باری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارەی عێراق و بەر لە هەر شتێک پەیوەندی نێوان هێزو چینە نیشتمانیەکان، تـاڕادەیەکی زۆر ئەرکی سەرشـانی کۆنەپەرسـتانی عێـراق ئاسـان کـرد، هەرکاتێـک هەر وڵاتێـک لە

نەتەوەیەک زیاتر پێکهاتبێت پێویستە نیشتمان پەروەرانی دڵسۆزانە هەوڵ بدەن یەکێتی نیشتمانی بکەنە بناغەی هەموو ئاڵوگۆڕێکی سیاسی قوڵ، کەچی کاتێک شەڕی دووەمی جیهان تەواو بوو، بە هۆی سیاسەتی دوربینی ئینگلیزەکانەوە، هێشتا یەکێتیەکی وا لە ئارادا نەبوو، سەرەڕای ئەوەش هەموو هێزە نیشتمانیەکانی ئەو سەردەمە بە قوڵی لە بایەخی یەکێتیەکی لەو جۆرە تێ نەگەیشتبوون ، وەک بەڵگە دەڵێن هەرچەندە کاربەدەستانی ئەوسای عێراق بە دەستی ئەنقەست گەلی کوردیان لە مافە سیاسی یە رەواکانی بێ بەری کردبوو، کەچی هیچ کامێک لەو پێنج پارتە ( الشعب ، الاتحاد الوطني، الوطني الديموقراتي، الاحرار، الاستقلال ) نە لە پرۆگرام نە لە کاری رۆژانەیاندا بایەخی ئەوتۆیان نەدەدا بە مەسەلەی کورد، راستیەکەشی نەیان دەتوانی چوارچێوەی ئەو مەسەلەیە دیاری بکەن، پارتی ئازادیخوازان ( الاحرار) کە نیشتمان پەروەرێکی ناسراوی لیبڕالی ئەو رۆژگارە سەرۆکی بوو بە جارێک گەلی کوردی خستبووە پشتگوێ، لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە پارتی ( الاستقلال ) گەلی کوردی کردبووە یەکێک لە کۆسپەکانی جێبەجێکردنی یەکێتی عەرەب،( مەزهەر ١٩٨٥: ٢٠٥-٢٠٦) .

ئەم جۆرە سیاسەت و هەڵوێستانە کاریگەری زۆر خراپی کردە سەر رۆشنبیران و سیاسەت مەدارانی کورد، کە لەو سەردەمەدا ئەم جۆرە رووداوو بەسەرهات و پێشهاتانەیان بۆ خەڵکی کوردستان روون دەکردەوە، بە تایبەتی لە شاری کۆیە خەڵک بە تەواوی ئاگاداری هەموو وردەکاریەکان بوون، لە ئێستاشدا حکومەتی عێراق و پارتە سیاسییە عەرەبەکان بە شیعەو سوننەوە هەڵوێستی ناشیاویان بەرامبەر دۆزی کوردو مافەکانی هەیەو زۆربەیان هەڵگری بیری شۆڤینستی عەرەبن.

لەو سەردەمەدا بارودۆخی عێراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی رۆژ بەرۆژ ئاڵۆزترو خراپتر دەبوو، بۆیە بە ناچاری لە ٣٠ مایسی ١٩٤٦ تۆفیق سوەیدی دەستی لەکار کێشایەوەو پێکهێنانی وەزراەتێکی نوێ خرایە ئەستۆی ئەرشەد عومەری ([٤])بەڵام لە سەردەمی ئەودا بارودۆخەکە خراپتر

[٤] - یەکێك بوو لە پیاوە سیاسی یە نەویستەکانو دوژمنێکی ناسراوی هێزە دیموکراسی یەکان. دامەزراندنی وەزارەتی نوێ سەرەتا هێرشی گەورە کۆنەپەرەستی بوو بۆ سەر گەل. هەمووەبەسەر یەکەوە چوار حەفتەی پێنەچوو کاتێك پۆلیس گوللەبارانی خۆنیشاندانێکی گەورەی لە بەغدا کرد ، ٥کەس کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون . دوابەدوای ئەمەش بە دوو حەفتە کارەساتە

بوو بۆیه ناچارکرا واز بێنێت ، بەمەش کابینەی نویَ لە ٢١ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ لەلایەن نوری سەعید پێکهێنرا، ئەویش دەبوو ئامادەسازی بکات بۆ بەستنی پەیماننامەیەک لە نێوان عێراق و بەریتانیا، بەڵام نوری سەعید نەیویست وەک ساڵی ١٩٣٠ جارێکیتر لەلای جەماوەری عێراق خۆی ناشیرین بکاتەوە، بۆیە وازی لە حکومەت هێناو دەستی لەکار کێشایەوە، لە مارتی ساڵی ١٩٤٧ ساڵح جەبر وەزارەتی نوێی دامەزراندو هەموو توانای خۆی خستە گەڕ تاوەکو پەیمانێکی نویَ لەگەڵ ئینگلیز ئیمزا بکات بەم شێوەیە دوای چەندین کۆبوونەوە پەیماننامەی پۆرتسمۆس (٥) لە نێوان عێراق و بەریتانیادا لە ١٥ کانونی دووەمی ١٩٤٨ دا ئیمزا کرا(مەزهەر ١٩٨٥: ٢٠٧-٢٠٨).

دوا بە دوای ئیمزاکردنی پەیماننامەکە، کە تیایدا لەسەر حسابی خەڵکی عێراق ماف و ئیمتیازێکی زۆر درابوو بە بەریتانیاو لە بەرامبەریش عێراق کەمترین ماف و ئیمتیازی بەرکەوتبوو، بۆیە لەسەرتاسەری عێراق و باشوریکوردستان بە مەبەستی رەتکردنەوەی ئەم پەیمانە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەستیپێکرد (بۆتانی ١٩٩٨: ٩٠ )،خەڵکی شاری کۆیەش خۆپیشاندانێکی جەماوەریان ئەنجامدا کە چەند رۆژی خایاند کە چەندین دروشم دەوترانەوەو روناکبیرو رۆشنبیرو سیاسیەکانی شاری کۆیە سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکەیان دەکرد (د. إسماعیل شكر رسول ٢٠٠٥: ٢٩٥)،گەورەترین خۆپیشاندان کە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆیە بەشداربوون رۆژی ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٤٨ بوو، کە سەربازو پۆلیس و

---

خوێناویەکەی یەکەی گاورباخی قەوماو ئەمیش بووە هۆی کوشتنو برینداركردنی ژمارەیەكی زۆر لە كرێكارانی نەوتی كەركوك بڕوانە د. كەمال مەزهەر : سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦.

٥ – پەیمانی پۆرتثموث چەند خاڵێکی گرنگی لە خۆ گرتبوو، لەوانە ١- پێکهێنانی دەستەیەکی راوێژکاری هەمیشەیی هاوبەش بۆ رێکخستنی کاروباری بەرگری لە نێوان هەردوو وولاتەکە، لیژنەکەش ناسرا بە ( لیژنەی بەرگری ئینگلیزی عێراق هاوبەش )، کە هەڵدەستێت بە دانانی پلان بۆ بەرژەوەندی بازاڕی هاوبەش لە نێوان هەردوولادا و راوێژکردنی راستەوخۆ لە کاتی روودانی هەڕەشەی شەڕ، ٢- سەربەخۆیی بەریتانیەکان لە بەکارهێنانی هەردوو رێگای ئاسمانی ( حبانیەو شعبیە ). ٣- پێشکەشکردنی هەموو ئاسانکاری و هاریکاریەک بۆ هێزە بەریتانیەکان لەسەر زەوی عێراق دا ، بڕوانە د. ابراهیم خلیل احمد ، د. جعفر عباس حمیدی: تاریخ العراق المعاصر، وزاره التعلیم والبحث العلمی، موصل، ١٩٨٥، ص١٦١-١٦٤

کاربەدەستانی حکومەتی عێراق بە هۆی بەشداری فراوانی دانیشتوانی کۆیە کۆنترۆڵیان لە دەست دابوو نەیانتوانی هیچ هەڵویستێکی توند بنوێنێ، لە دیارترین ئەو کەسانەی بەشداری کارای خۆپیشاندانەکە بوون بریتی بوون لە ( نافیع یونس، عەونی یوسف، یونس رەووف ( دڵدار)، و عەلی عەبدوڵڵا ) (قادر ٢٠٠٥: ٢٧٨-٢٧٩).هەروەها جەلال تاڵەبانی (٦)کە ئەوکاتە تەمەنی ١٥ساڵ بووە نوێنەری قوتابیان بووە رۆڵی گرنگ لە خۆپیشاندانەدا دەگێڕێت و قوتابیان هان دەدات کە بە دەنگی بەرز دروشم دژی پەیماننامەکەو حکومەتی عێراق بڵێنەوە (هـ.س : ٧٧) لەلایەکی ترەوە ئەو خوێندکارانەی لە بەغداد گەڕابوونەوە بۆ کۆیە لەگەڵ هەردوو پارتی سەرگۆڕەپانی ئەو سەردەمە (پارتی دیموکراتی کوردو حیزبی تحرر ) رۆڵی بەرچاویان لە جۆشدان و

---

(٦) - جەلال تاڵەبانی کوڕی شێخ حیسامەدینی تاڵەبانی یە ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی کەلکانی سەر بە بناری کۆسرەتە، ساڵی ١٩٤٦ لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا پەیوەندی بە ئەڵقەیەکی رۆشنبیری پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە کرد، کە فاتیح رەسوڵ سەرپەرشتی دەکرد، بەڵام دوای چەند مانگێک وازی لەو ئەڵقەیەی حیزبی کۆمۆنیس هێنا، ئەویش بە هۆی ئەوەی رێکخرەکانی دژی بیروباوەڕی کوردایەتی و نەتەوایەتی بوون، دواتر لە ساڵی ١٩٤٧ دا لە رێگای عومەر دەبابەوە پەوەندی بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد، ساڵی ١٩٤٨ وەک نوێنەری خوێندکارانی کۆیە هەڵبژێردرا بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی گشتی خوێندکارانی عێراق، لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی یەدەگ هەڵبژێردرا، خوێندنی ئامادەیی لە کەرکوک تەواو کردووە ، لە ساڵی ١٩٥٢-١٩٥٣ لە کۆلێجی یاساو لە بەغداد وەرگیرا، ساڵی ١٩٥٣ لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، لە شوباتی ١٩٥٣ دا یەکێتی قوتابیانی دامەزراندو بوو بە یەکەم سکرتێری یەکێتی قوتابانی کوردستان ، ساڵی ١٩٥٥ بەشداری لە کۆنگرەی لاوانی جیهان لە وارشۆی پایتەختی پۆڵۆنیا کردو لەوێ هەڵمەتێکی بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد دەستپێکرد، ، ساڵی ١٩٥٧ وەک سکرتێری یەکێتی قوتابیان بەشداری لە کۆنگرەیەکی قوتابیان و لاوان کرد لە مۆسکۆ، دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی رژێمی کۆماری گەڕایەوە عێراق و کۆلێجی مافی تەواو کرد، سێ مانگ دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول حیزبێکی بە ناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دروست کرد و بوو بە سکرتێری ئەو حیزبە و تا ئیستا وەک سکرتێری ئەو حیزبە هەرماوە ، فەرید ئەسەسەرد ، کەیوان سەعید و ئەوانیتر : ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٧٧

سەرپەرشتی كردنی جەماوەرو لە سازدانی چەندین ریپێوان و خۆپیشاندان دا هەبوو، تەنانەت هەڵویستی خەڵكی كۆیە گەیشتە ئەو ئاستەی كە تاكە نوینەری خۆی لە پەرلەمانی عیراق دا كە ( كاكەزیاد ) بوو دەست لەكار بكیشیتەوەو دەست لەكار كیشانەوەكەش لەبەردەم جەماوەری خۆپیشاندەری كۆیە لە سەرا لەلایەن عەلی عەبدوڵلا خوێندرایەوە (ا تەیب،س.پ:١٧٤-١٧٥).یەكێك لەو شیعرانەی كە لەو سەردەمەدا لە هەولێرو دواتر لە كۆیەش خوێندرایەوە بریتی بوو لەو شیعرەی كە لەلایەن اسماعیل ناوێك خۆندرابۆوە دواتر بڵاوببۆوە كە تیایدا هاتبوو...

گویمان لیبگرن میللەتی هەژار
صالح جەبرە كلكی ئیستعمار
سەدانی كوشتن لاوانی هۆشیار
هیشتا جادەكەی بەغداد هەر سورە
خوینی شەهیدان ماوە مەشهورە
ئەم وەزارەتەی ئیستا نوێ یە
بۆمان بكا مەحكەمەی خوینە
صالح جەبرمان بۆ بخنكینە
مەتلەبمان ئەوە بۆمان پیكبینە (هەریری ٢٠٠٩:٤٣-٤٤)

بەرامبەر ئەم خۆپیشاندانە قائیمقامی ئەوكاتەی كۆیە كە ناوی ( سوبحی عەلی ) بوو بەرەگەز عەرەب بوو، ژمارەیەك لە خەڵكی كۆیەی دەستگیركرد و زیندانی كردن و، ژمارەیەكی تری رەوانەی بەندیخانەكانی هەولیرو كەركوك كرد، هەروەها هەندێك فەرمانبەرو مامۆستای بۆ شارەكانی تری عێراق گواستەوە (تەیب ،س.پ:١٧٥-١٧٦).

دوای ٤٠ رۆژ تیپەربوون بەسەر خۆپیشاندان‌دا چلەی ماتەمینی بۆ قوربانیانی ئەو خۆپیشاندان و راپەرینانە لە مزگەوتی گەورەی كۆیە سازكرا كە بۆیەكەم جاربوو جولەكەو مەسیحیەكانی كۆیە هاتنە ناو مزگەوتی گەورەی كۆیە ، لەویدا جەلال تاڵەبانی وتاریكی پێشكەش كرد كە زۆر بە حەماسەتەوە خوێندیەوەو باسی لە ئاشتی و ئازادی و دیموكراسی كردو داوای لە كاربەدەستانی حكومەت كرد كە واز لە سیاسەتی دوژمنكارانەیان بێنن، دواتر عەونی شاعیر هۆنراوەیەكی خوێندەوە كە تیایدا هاتبوو...
ئەوانە پییان دەڵێن مەجلیسی میللەت

بەلەعنەت بن بە لەعنەت بن ، بە لەعنەت (فەیاز ٢٠٠٩ : ٢٤-٢٥).
خەڵکی کۆیە بۆ بەشداریکردن و پشتیوانیکردنی ئەم راپەڕینە لەگەڵ جەماوەری راپەڕیوی شاری هەولێر پێکەوە لە ١٣ شوباتی ١٩٤٨ سەردانی شاری بەغدادیان کردو لەوێ خۆپیشاندانیان ئەنجامداو رژانە سەر شەقامەکانی بەغدادو لەوێدا سەردانی گۆڕی قوربانیانی ٢٧ ی کانونی دووەم لەگەڵ دانیشتوانی پایتەختدا کردو هەروەها بەشداری ناشتنی نیشتمانپەروەری کورد( حسێن عەلی )یان کرد کە بەر لەوە لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکانی بەغداد بریندارکرابوو دواتر بە هۆی سەختی برینەکەیەوە کۆچی دوایی کردبوو (مەزهەر،س.پ: ٢١٦).
دەربارەی خۆپیشاندانەکەی خەڵکی کۆیەو هەولێر لە شاری بەغداد گۆڤاری گەلاوێژ نوسیویەتی ( لە رۆژی ٢/١٣/ ١٩٤٨ ) دا پۆستەی کۆیەو هەولێر گەیشتنە جێ ، ئەوی پێی بڵێن پیاوەتی نواندیان، بە شەقامەکانا سەرگۆڕی شەهیدەکان گەڕان، چەپکە گوڵیان بە دیاری بۆ بردن، پێیان وتن وا مەزانن کە رۆشتن، نەڕۆشتوون، لە گۆشەی دڵمانا جێتان تەرخانە، بەوەش وازیان نەهێنا، لەگەڵ کوڕگەلی کورددا تەرمەکەی حسەین عەلی ی تازە پێگەیشتوویان بردە شارە پیرۆزەکەی نەجەف، ئەو شارە کە ئامۆزای پێغەمبەری (د.خ) لێ میوانەو ئەهلەکەشی ئەهلی دانش و عیرفانە ) ([7])
ئایاری ١٩٤٨، بە بەهانەی زامنکردنی پاشکۆی سوپای عێراقەوە کەچەند بەشێکی لێ چوو بووە نێو فەلەستینو لە یەکەم شەڕی نێوان عەرەبو ئیسرائیلد بەشداریان کرد بوو، بڕیاری عورفی لەعێراق ڕاگەیەندرا . ئەوە بوو رژیمە حوکمدارەکانی عەرەب بڕیاری دابەشکردنی فەلەستیمیان رەتکردەوە کە دامەزراندنی دوو دەوڵەتی تێدا هاتبوو و ، لافی ئەوەیان لێدەدا کە بە زبری هێز رێ لەوە دەگرن، کەچی شەڕەکەیان دۆڕاندو هێزە زایۆنیەکان دەستیان گرت بەسەر پتر لە نیوەی ئەو خاکەدا کە بۆ عەرەب تەرخان کرابوو . بەڵام شەڕی فەلەستین بەهانەو روو پۆشێک بوو بۆ شەڕی ڕژێمی عێراق دژی جولانەوەی نیشتیمانی، بەتایبەت دژی (حیزبی شیوعی عێراق )ی

[7] - ئەم دەقەی سەرەوەم لە کتێبەکەی د. کەمال مەزهەر : چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم وەرگت، کە ئەویش ئاماژەی بە گۆڤاری ( گەلاوێژ ) ، بەغداد، مارتی ١٩٤٨،ل ١٤، کردووە من زۆر هەوڵمدا دەستم نەکەوت چونکە د. کەمال مەزهەر ئاماژەی بە ژمارەی گەلاوێژ نەکردووە.

خـاوەن دەسـەڵاتێکی میللیـی بەربـڵاو. موخـابەراتی ئینگلیـزی نەخشـەیەکی تەواوی بـۆ ئەم شـەڕەی دوایـی لەدژی جـوڵانەوەی شـیوعیو نیشـتیمانی کێشابوو لە سەرەتادا حکومەت حوکمی عورفی ڕاگەیاندو دەستی بە گرتن زینـدانیکردنی خۆپیشـاندەران کـرد ( نـوری ٢٠٠١: ٦٨)،هەنـدێک پێیـان وایە کە ڕاگەیانـدنی حـوکمی عـورفی بە پیلانـی ئینگلیـز بـووە بـۆ گرتنـی ئەنـدامە چالاکەکـــانی حزبـــی شـــیوعی و پـــارتی دیمـــوکراتی کـــوردو هێـــزە دیموکراتیخوازەکـان(مەلا حەسـەن٢٠٠٨: ١١) بەڵام بەهـۆی فـراوان بـوون و بەردەوام بـوونی خۆپیشـاندان و ڕاپەڕینەکـان بە ناچاری وەسـی ( عبدئیلاە ) لە وێستگەی بەغداوە ڕای گەیاند کە ساڵح جەبری لەسـەر کار لابردووەو لە مـاوەیەکی کەمـدا لەلایەن شـێخ مـحەمەد سـەدر وەزارەت پێکدەهێنرێتەوە،بەم شێوەیە خەڵکی عێراق هەڵسان بە گێڕانی ئاهەنگ و خۆشی دەربڕین (ڕەسـوڵ ١٩٩٧ : ٦٢).

ئەم ڕاپەڕیـنە بـۆ گەلـی کـورد بە ڕاپەڕینێکـی مێژوویـی زۆر گرنـگ دادەنرێت، چونکە بە ژمارەو ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بەشداریان تێـداکرد، هەروەهـا سـەرجەم نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکـان بەشـداربوون لەوانە کوردو عەرەب و تورکمان و مەسیحی و ئاسوری، بەتایبەتی لە شاری کـۆیە کە مەسـیحی و جـولەکەو موسـوڵمانەکان و نەتەوەکـانیتر بەیەکەوە بەشـداربوون و یەک ئامـانج کـۆی کـردنەوە کە ئـازادی و دیموکراسـی و دابینکردنی مافی کەمەنەتەوەکان بوو، هەروەها لەم ڕاپەڕینە ژنـان و قوتابیـان و مامۆسـتایان و فەرمـانبەران و کرێکـارو جوتیـار بەشـداربوون ، وە ئەم ڕاپەڕینە بووە هەوێنی چەندین ڕاپەڕینی تر.

**بەشی دووەم /**

**خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٢-١٩٧٦**

**١- خۆپیشاندانی خەڵکی کۆیە لە ساڵی ١٩٥٢**

ئەو کـــاتەی ڕژێمـــی پاشـــایەتی عێـــراق لە ٣ شـــوباتی ١٩٥٢ ڕێککەوتننامەیەکی نوێی لەگەڵ ئینگلیزەکان ئیمزا کرد، کە پاشکۆیەتی سیاسی و ئابوری عێراقی بە ئیستعمارەوە پتەوتر کرد، ئەمەش بووە هـۆی نـاڕەزایی و ڕەتکردنەوەی لەلایەن زۆربەی جەمـاوەرو حزبە سیاسییە نیشـتمانیەکان ،

لە زۆربەی شارو شارکانی عێراق و کوردستان دژی ئەو ڕێککەوتننامەیەو سیاسەتی حکومەتی پاشایەتی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینیان دەست پێکرد، لەو کاتەشدا لە نێو ئەو تەوژمە نارەزایەتیە جەماوەریەدا کە رژێمی پاشایەتی دووچاری ببوو، ( مستەفا عمری ) لە ١٢ی تەموزی ١٩٥٢ وەزارەتێکی نوێی پێکهێنا ، لەو سەروبەندەدا خەڵکی کۆیە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینێکی گەورەیان ئەنجامدا، کە بووە هۆی ئەوەی لەگەڵ پۆلیس روو بەروو ببنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوون لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕین، لەم بارەیەوە مەسعود محەمەد دەڵێت : " لە رۆژی ٢٥ شوباتی ١٩٥٢ دا خۆپیشاندانی خەڵکی کۆیە دەستی پێکرد، خۆپیشاندانەش دوای تەواوبوونی نوێژی هەینی بوو، خەڵکێکی زۆر بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کردو رژانە شەقام و بازاڕی کۆیە، لەوێشەوە بەرەو سەرای حکومەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەوکاتەی کۆیە سەعیدی حەماغای رانیە بوو، زوو هەستی کرد ناتوانێت ڕێگا بگرێت لە ئاپۆڕای خەڵکی خۆپیشاندەر، بۆیە بە ناچاری پاشەکشەی بە پۆلیسەکان کرد، بەڵام دوای ئەوەی پۆلیسەکان دووچاری مەترسی بوونەوە، تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردو کەسێک زامداربوو، بەڵام دەستگیرنەکراو لەلایەن خۆپیشاندەران دوور خرایەوە، دوای کۆتایهێنان بە خۆپیشاندانەکە، پۆلیسی کۆیە لە کاتی گەڕان و پشکنینی ماڵەکانی کۆیەدا نزیکەی ٤٠ کەسیان گرت لەوانەش عومەرمستەفا ( عومەر دەبابە ) ([8])لەگەڵ خۆم ( مەسعود محەمەد )

---

[8] - عومەر مستەفا ناسراو بە عومەر دەبابە و کاکی کاکان لە ساڵی ١٩٢٣ لە گەڕەکی قەڵاتی کۆیە لە دایک بووە، بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی شاری مهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیەو ئامادەیی لە کەرکوک تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٦ لە کۆلێجی ماف وەرگیرا، لە تەمەنی خوێندکاریدا ژیانی سیایەت بووە، ساڵی ١٩٥١ خوێندنی لە کۆلێجی ماف لە بەغداد تەواو کردووە، لە کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ئاداری ١٩٥١ لە بەغداد بەسترا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو لە کۆنگرەی سێیەمی پارتیش لە کەرکوک لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٣ بە ئەندامی کۆمیەتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، لە ساڵی ١٩٧٥ دا لە گەڵ ساڵح یوسفی و عەلی عەسکەری و ڕەسوڵ مامەند و چەند کادیرێکیتردا بەشداربوو لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستاندا و پاش دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆی و عەلی عەسکەری رۆڵێکی گرنگیان لە بردنی بزوتنەوە بۆ ناو یەکێتی گێڕا، لە ٢٩ کانوونی دووەمی ١٩٩٢ دا لە کاتی بەسترانی کۆنگرەی یەکێتی

لەگەڵ چەندین كەسیتر ) (محەمەد ٢٠٠٩: ٣٠٨ ) لە ئەنجامی ئەو خۆپیشاندان و راپەڕینانەدا مستەفا عومەری بە ناچاری دەستی لە كار كێشایەوە و بە مەبەستی سەركوتكردنی ناڕەزایەتیەكانی خەڵك ( وەسی عەبدولئیلا ) نورەدین مەحمودی سەرۆك ئەركانی سوپای راسپارد حكومەت پێكبهێنێ و لە ٢٣ تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا حكومەتێكی سەربازی پێكهات و حوكمی عورفی راگەیاندو بە زەبری هێز خۆپیشاندان و راپەڕینەكانی سەركوت كرد. (الحسني ١٩٨٩ : ٣٣٤-٣٣٥ ). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم خۆپیشاندان و راپەڕینەی شاری كۆیەو شارەكانیتری كوردستان و عێراق دەرئەنجامی باشی لێكەوتەوەو توانی دوو وەزارەتی بەدوای یەكدا بڕوخێنێ و پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوەو حكومەتیش ناچار بوو بڕیاری هەڵبژاردنی پەرلەمانێكی نوێ بدات و رێگای حیزبە خاوەن مۆڵەت پێدراوەكانیش بدات بەشداری تێدا بكەن (بانیخێڵانی١٩٩٧: ١٠٤-١٠٥)

## ٢- خۆپیشاندانی خەڵكی كۆیە لە ساڵی ١٩٥٥

لە ساڵی ١٩٥٥ دا كاتێك پەیماننامەی بەغداد لە نێوان توركیاو عێراق ئیمزا كراو دواتر ئینگلیزەكان و ئەفغانستانیش هاتنە ناوی، جارێكیتر خۆپیشاندان و راپەڕین دەست پێ دەكاتەوە، بە تایبەتی كاتێك دەبینرا ئەو پەیماننامەیە بە تەواوی دژایەتیكردنی كوردی پێوە دیارەو مەبەستی سەركوتكردنی نەتەوەی كوردبوو، لە شاری كۆیە خۆپیشاندانێگی گەورە بۆ بەردەمی سەرای كۆیە رێكخراو خەڵكی زۆر بەشداریان تێدا كرد، هەرچەندە پۆلیس دەیویست خۆپیشاندان و راپەڕینەكە سەركوت بكات جەماوەری خۆپیشاندەر ئاڵای عێراقیان داگرت، دواجار لە ئەنجامی رووبەروبونەوەی پۆلیس و جەماوەر پۆلیسێك بە ناوی ( خورشید رۆستەم ) كوژراو لە خۆپیشاندەرانیش كەسێك بە ناوی محەمەد حەیدەری بریندار بوو، دواتر هێزەكانی حكومەت كەوتنە گرتنی خەڵك و نزیكەی ٩٠ كەسیان زیندانی كرد.( قادر ،س.پ:٣١٤ ٣١٥ ) ئەم خۆپیشاندانە ئەوەمان بۆ دەردەخات كە خەڵكی شاری كۆیە هەستی نیشتمانی و نەتەوەییان زۆر بەرز بووە، لە ئاستێكی

---

نیشتمانی كوردستان لە ناو هۆڵی كۆنگرە لە سلێمانی بەهۆی وەستانی دڵەوە كۆچی دوایی كرد فەرید ئەسەسەرد ، كەیوان سەعید و ئەوانیتر : سەرچاوەی پێشوو ، ل١٨٩-١٩٠.

رۆشنبیری زۆر بەرزدا بوون چونکە هیچ کاتێک ئامادە نەبوون لە بەرامبەر سیاسەتی دژایەتیکردنی کورد لەو سەردەمەدا بێدەنگ بن، وە بە ووردی ئاگاداری گۆڕانکاریەکان و بەستنی پەیماننامەکان و داڕشتنی پلانی وولاتان بوون کە لە بەرامبەر دۆزی کورد نواندوویانە، بۆیە بەردەوام خۆپیشاندان و راپەڕین لە شاری کۆیە ئەنجام دەدرێت .

## ٢- خۆپیشاندان و راپەڕینی کۆیە لە ساڵی ١٩٥٦

لە سەردەمی پاشایەتیدا ئەو کاتەی لە مانگی ئابی ١٩٥٦ دا کۆنگرەی لەندەن بەسترا لە نێوان بەریتانیا و فەرەنساو ئیسرائیل کە لە دژی خۆماڵیکردنی کەنداوی سوێس بوو لە لایەن دەوڵەتی میسر، لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا ئیسرائیل بە پشتیوانی فەڕەنساو بەریتانیا هێرشی کردە سەر میسر(هیکل ١٩٩٦: ٥٣٠ ) ،لێرەوە جوڵانەوەی نیشتمانی و نەتەوایەتی لە تەواوی عێراق بە کوردستانیشەوە دەستی پێکرد، دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقیش بە هەموو شێوەیەک خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینیان قەدەغە کرد و حوکمی عورفیان راگەیاند بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی کۆیە لە کاتی هێرشە سێ قۆڵیەکەدا خۆپیشاندانیان دەست پێکردو بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی خۆیان بۆ جەمال عەبدولناسرو دەوڵەتی میسر راگەیاند، لەو خۆپیشاندانەدا چەندین دروشمیان دەوتەوە وەکو ( بژی حکومەتی میسر، بژی سەرۆک عەبدولناسر، بمرێ حکومەتەکەی نوری سەعید، بمرێ پەیمانی بەغداد ) ، بەدەم ووتنی ئەم هوتاف و دروشمانەو چەندین دروشمی تر بە شەقام و بازاڕو کۆڵانەکانی کۆیەدا خۆپیشاندان بەردەوامی پێدەدرا، پشتیوانی خەڵکی کۆیەیان بۆ جەمال عەبدولناسری دۆستی کورد دووپات دەکردەوە، لە بەرامبەریش دا سیاسەتی پشتگیریکردنی حکومەتی نوری سەعیدیان بۆ بەریتانیاو هاوپەیمانەکانی رەت دەکردەوەو دەسەڵاتدارانی عێراقیان بە داردەست و نۆکەری بێگانە لە قەڵەم دەدا (حمیدی ١٩٨٠: ١٥٣ ).

شایانی باسی ئافرەتانی کۆیە لەم خۆپیشاندانەدا رۆڵی بەرچاویان گێڕا، دوای کۆتایی هاتنی خۆپیشاندانەکە هێزەکانی پۆلیس چەند کەسایەتییەکی ناسراوی شاری کۆیە دەستگیر دەکەن بە تۆمەتی بەشداریکردنیان لەو خۆپیشاندانەدا لەوانەش ( مەسعود محەمەد ) (الکاظمي ١٩٨٦: ٢٨٠ ) هەر لەو خۆپیشاندانەدا جەلال تاڵەبانی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕی و دژایەتی خۆی بۆ هێرشی ئیسڕائیل

و بەریتانیاو فەڕەنسا بۆ سەر میسر دەربڕی و هانی هاوڕی و قوتابیانی ئەو کاتەی دەدا کە بەشدار بن لە خۆپیشاندانەکان و دژایەتی ئەو هێرشە بکەن، هەر بۆیە لەلایەن کاربەدەستانی ئاسایشی ئەو کاتەی رژێمی عێراق فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت ، هەر ئەو کاتە بە بیانووی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان و ئەندام لە رێکخراوی لایەنگرانی ئاشتی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق، خوێندنی لە کۆلێجی ماف لە بەغداد لێ قەدەغە دەکرێت (ئەسەسەرد،س.پ: ٧٧) .

لەو سەرو بەندەدا دەسەلاتداریتی سەربازی حکومەتی ئەوکاتەی عێراق بەیاننامەیەکی دەرکردو بە توندی خۆپیشاندانەکانی کوردستان و عێراقی بەرپەرچ دایەوەو هەڕەشەی توندی لە دانیشتوانی عێراق کرد سەبارەت بە پشتیوانیکردنی دەوڵەتی میسرو جەمال عەبدولناسر، ئەمەش بەو بیانوەی بارودۆخی عێراق و بەرژەوەندی ئەوکاتەی عێراق لەگەڵ دژایەتیکردنی بەریتانیاو فەڕەنسادا ناگونجێت و یەکناگرێتەوە (قادر،س.پ : ٣٨٣-٣٨٤ ) .

## ٢- خۆپیشاندان لە کۆیە لە ساڵی ١٩٧٦

دوا بەدوای ئەنجامدانی کودەتای سەربازی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ بە سەرکردایەتی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان قۆناغێکی تازە لە مێژووی عێراق دا سەریهەڵدا، هەرچەندە لە سەرەتادا عەبدولکەریم قاسم ویستی چارەسەری کێشەی کورد بکات بەڵام لە ساڵانی دواتردا پاشەکشەی لەو هەڵوێستەی کرد، دواتر لە ساڵی ١٩٦٣ بەعسیەکان کودەتایان ئەنجامداو پەلاماری کوردستانیاندا، لە هەمان ساڵیشدا کودەتایەکی سەربازی تر بە سەرکردایەتی عەبدولسەلام عارف بەرپابوو، ئەویش پەیڕەوی سیاسەتێکی توندڕەوانەی لە بەرامبەر کورد کرد، کاتێکیش لە ١٣ ی نیسانی ١٩٦٦ دا عەبدولسەلام عارف لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی مردو عەبدولرەحمان عارف جێگای گرتەوە، هەرچەندە لەوکاتەدا سەرکردایەتی کورد بۆ ماوەیەک شەڕی راگرت بەڵام بە پێچەوانەوە هەڵوێستی حکومەتەکەی عەبدولرەحمان عارف دوژمنکارانە بوو بەردەوام بوو لە هێرش و پەلاماردان، لە ١٧ تەموزی ١٩٦٨ یشدا بەعسیەکان جرێکی تر کودەتایەکی تری سەربازیان ئەنجامدا تیایدا ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە سەرۆک کۆمار، دوای ئەویش سەدام جێگای گرتەوەو زۆبەری پۆستەکانی عێراقی بۆخۆی مۆنۆپۆلی کرد و سیاسەتێکی

زۆر خراپی بەرامبەر بە کورد پیادە کرد (عەبدوڵلا ٢٠٠٨: ٢١-٥٠). لە بەرامبەردا جوڵانەوەی کورد لاواز بوو رژێمی بەعسی عێراقیش لە روی نێودەوڵەتیەوە بەهێز ببوو (وۆچ ٢٠٠٤ : ١٨٠) .

بەرپرسانی بەعس بەردەوام باسیان لە مەترسی کوردو بزاڤەکەی لەسەر ئاسایشی ناوخۆی عێراق و ئاسایشی نەتەوەی عەرەب دەکرد، بۆیە وینە لەو سیمینارەی کە فازل البراک بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی عێراق، کە لە ٢٣ تشرینی یەکەمی ١٩٧٩ دا لە زانکۆی موستەنسریە پێشکەشی کرد، یەکەم مەترسی لەسەر ئاسایشی ناوخۆو نەتەوەیی ناوی هێنا، کێشەی کورد بوو، کە بە بۆچوونی ناوبراو وەک کارتێکی فشار لەلایەن ئیمپریالیزمەوە دژ بە عەرەب! بەکاردەهات (البراک ١٩٨١: ٤٣). راگواستنی دانیشتوان لە گوندەکانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان باری ئابوری کوردستانیان خراپتر کرد، ژێرخانی ئابوری کوردستانی وێران کرد (زەکی٢٠١٠: ١٠٦ ؛ شالیان٢٠١٠: ١١٨) ، لەو سەردەمەدا نوسەرو رۆشنبیرانی کورد چ ئەوانەی لە دەرەوە دەژیان ، یان ئەوانەی لە ناو شۆڕش بوون، چ ئەوانەی لە ناوەوەی کوردستان بوون بە شیعرو وتارو نوسینەکانیان گوتاری شۆڕشگێڕیان بەهێز کردوو کاریگەری باشیان لەسەر هەستی نەتەوەیی خەڵک دانا بۆ رووبەڕووبوونەوەی سیاسەتەکانی حیزبی بەعس بەرامبەر کورد (خۆشناو ٢٠٠٢: ١١٦-١١٧).

لە بەرامبەردا سیاسەتی حزبی بەعس هەر لە سەرەتای دەسەڵاتیەوە، بریتی بوو لە دانانی سانسۆر لەسەر ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوەکان و بە عەرەبی کردنی وانەکانی خوێندن لە قوتابخانەکاندا، لەگەڵ دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤار کە زمانحاڵی حیزبی بەعس بوو، دروشم وریبازەکانی خۆی تێدا بڵاو دەکردەوە (عەبدوڵلا ٢٠٠٣: ٩٨ ؛ فرەج ٢٠٠٧: ١٧٠).جگە لەوەش رژێمی عێراق بۆ زیاتر سەرکەوتنی بەرنامەی بە عەرەبکردن بە ناوی (طلائع و الفتوة)بیروباوەری قوتابیانی بە بیروباوەڕی بەعسیانە تەڵقین دەداو هەزاران پارچە جل و بەرگی بە زۆر بەسەر منداڵاندا دابەشدەکرد کە وێنەی دارخورماو نەخشەی نیشتمانی عەرەبی بەسەرەوە بوو، دەبوایە لە بەری بکەن و بە پێچەوانەوە ، ئەوا بە (مخرب) تێکدەر لە قەڵەم دەدران و قوتابییەکەو خانەوادەکەشی دەگیران و سزا دەدران (جۆڵا ٢٠٠٤: ٩٣) .

لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە دەزگاکانی رژێمی عێراق کەوتنە دەرهاویشتن و سووتاندنی ئەو کتێبانەی کە لە مێژووی کورد دەدوان و قەدەغەکردنی بابەتی مێژووی کورد لە قوتابخانەکاندا، هەروەها ژمارەیەک سەرکردەو کادیری یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لە سێدارەدا کە رەنگدانەوەی خراپی لەسەر خەڵکی کوردستان بە گشتی و شاری کۆیە بە تایبەتی دروست کرد ( گوڵ،س.پ: ٢٥ ). ئەمانەی لەسەروە باسمان کرد بەشێکی کەم بوون لەو هۆکارانەی کە بوونە مایەی خۆپیشاندان و راپەڕینەکان لە کوردستان و لە شاری کۆیە بە تایبەتی، کاتێک لە ساڵی ١٩٧٦ رژێمی بەعسی عێراق سێ سەرکردەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بە ناوەکانی ( شەهاب شێخ نوری ([٩]) و جەعفەر عەبدولواحید ([١٠]) و ئەنوەر زۆراب ([١١]) ) لە سێدارەدا، کاتێک

[٩] - شەهاب شێخ نوری شێخ ساڵح ، لە ساڵی ١٩٣٢ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە ، کوڕی شاعیری گەورەی کورد شێخ نوری شێخ ساڵحە، دامەزرێنەرو سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٦ ، سەرەتای تێکەڵ بوونی بە سیاسەت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٨ ئەو کاتەی خوێندکاربووە لە بەغداد لە کۆلێجی مەلیک فەیسەڵ، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە بووە بە لێپرسراوی ئیدارەی هێزی رزگاری، ساڵی ١٩٧٠ پشتگیری پرۆژەی دامەزراندنی رێکخراوێکی چەپی شۆڕشگێڕی نهێنی کردو بەشداربوو لە دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان کە دواتر بووە بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ، ساڵی ١٩٧٢ پاش ئەوەی کە جەلال تاڵەبانی کوردستانی بەجێهێشت و چووە دەرەوەی وڵات لێپرسراوێتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی گرتە ئەستۆ، ساڵی ١٩٧٤ کۆمیتەیەکی بە ناوی ( ئەستێرەی سور ) دامەزراندو لێپرسراوێتیەکەی بە جەعفەر عەبدولواحید سپارد، دوای بڕیاڕی گرتن و راوەدوونانی سەرکردەو ئەندامان و کادیرەکانی رێکخستنە نهێنەکانی کۆمەڵە لەلایەن حیزبی بەعسی عێراقەوە، شەهاب شێخ نوری لەگەڵ چەند هاوڕێ یەکی بڕیاڕ دەدەن بچنە ئێران و لەوێشەوە بچن بۆ سوریا، بەڵام لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەی ئێران دەستگیر دەکرێن بە تۆمەتی بەزاندنی سنور، دواتر دوایی دادگایکردن بە ماوەی سێ مانگ لە سەقز زیندانی دەکرێن و دواتر بە پێی رێککەوتننامەی جەزائیر رادەستی حکومەتی عێراق دەکرێنەوە، رژێمی عێراقیش لە هاوینی ساڵی ١٩٧٦ دادگای سەورە فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ شەهاب و ئەنوەر جەعفەر دەرکرد و لە سێدارەدران ، وەرگیراوە لە فەرید ئەسەسەرد ، کەیوان سەعید و ئەوانیتر : ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ١٧٥-١٧٦.

تەرمی جەعفەر عەبدولواحید دێننەوە بۆ کۆیە ، ژمارەیەکی یەجگار زۆر لە خەڵکی کۆیەو دەروربەری بەسەرجەم چین و توێژەکانی دانیشتوانی کۆیە بە ژن و پیاوەوە بە قوتابی و کاسبکارەوە، لە ڕێورەسمێکی زۆر فراواندا بەخاکیان سپارد ([12])،لەو ڕێوڕەسمەدا رژێم ترسی زۆری لێنیشتبوو باروودۆخەکە بۆ ئالۆزی بگۆڕێت و راپەڕینی گەورە بەرپابکرێت، بۆیە حکومەت ئاسایش و پۆلیس و سەربازەکانی خستبووە حاڵەتی ئامادە

---

[10] – جەعفەر عەبدولواحید لە ساڵی ١٩٤٥ لە گەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیە لە دایک بووە دەرچووی بەشی ئینگلیزی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی موستەنسریەیە لە بەغداد، ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە لە شۆڕشی ئەیلول دا پێشمەرگە بووە، ساڵی ١٩٧٠ بەشداربووە لە دامەزراندنی کۆمیتەی ئەستێرەی سور و دواتر بۆتە سەرپەرشتیاری ئەو کۆمیتەیە، لە بەرامبەریشدا سەرپەرشتیاری ڕێکخستنی هەولێرو موسڵی کۆمیتەکە بووە ، ساڵی ١٩٧٦ لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە لەگەڵ چەند هاوڕی یەکی دەستگیر دەگرێت و رادەستی رژێمی عێراق دەکرێنەوە، دوای دادگایکردن لە ٢١ تشرینی دووەمی ١٩٧٦ لە ئەبوغرێب لە سێدارە دەدرێن فەرید ئەسەسەرد ، کەیوان سەعید و ئەوانیتر : سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٥-٧٦.

[11] – لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری کەرکوک لە دایک بووە ، یەکێک بوو لە لایەنگرانی بیری چەپی کوردستانی لە کاتی شۆڕشی ئەیلول دا، لە سەرەتای حەفتاکاندا پەیوەندی بە کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٤ پاش پێکهێنانی کۆمیتەی ئەستێرەی سور بەسەرکردایەتی جەعفەر عەبدولواحید، کرایە ئەندامی کۆمیتەکەو لێپرسراوی ڕێکخستنی بەغدادو خانەقین، ئەم کۆمیتەیە بە درێژایی ساڵی ١٩٧٤ وەک کۆمیتەیەکی سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکان هەڵسوکەوتی دەکرد، ، کاتێک ئەموەر زۆراب لە ڕێگای ( وەلید زەنون ) کادیری بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب وویستی پەیوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و دەمەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سوریا بەهێز بکات، وەلید زەنون لەلایەن ئاسایشی عێراقەوە دەگیرێت و دواتر دەبێتە هۆی گیرانی ئەنوەر زۆرابیش، دوای ئەوەی لە زیندان هیچ شتێکی نەدراکاندو بەرگەی ئازاری ئەشکەنجەدانی گرت بەڵام بەهۆی دۆزینەوەی چەندین نوسراو نامەی ڕێکخستنە نهێنیەکان لە ماڵەکەی ، دواجار بڕیاری لە سێدارەدانیبۆ دەردەچێت و لە ٢١ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ لە زیندنی ئەبو غرێب لە سێدارە دەدرێت، وەرگیراوە لە فەرید ئەسەسەرد ، کەیوان سەعید و ئەوانیتر : سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٠

[12] - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەهیە حسێن، هەولێر، ١٢ / ٧ / ٢٠١٤ . ناوبراو ئەوکاتە خوێندکار بووەو بەشداربوویەکی خۆپیشاندانەکە بووە .

باشیەوەو لە هەموو لایەکەوە دەورەی گۆڕستان و شەقامەکانیان گرتبوو ([13]).

لە گرنگترین دروشمەکانیش کە لەلایەن جەماوەر دەوترانەوە بریتی بوو لە ( کەم بژی و کەڵی بژی ) هەروەها سروودی ( ئەی شەهیدان و ڕێی خەباتمان چەندە سەخت و دوور بێت با چواردەورمان کڵپەی ئاگر بێت ) بە بەردەوامی لە پرسەی پیاوان و ژنان لێدەدرا، تەنانەت هەندێکجار لەلایەن ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو شاری کۆیە دەخرایە سەر مایکرۆفۆنی مزگەوتەکان ([14])ئەم خۆپیشاندانە جەماوەریەی شاری کۆیە وای لە ڕژێمی بەعس کرد، سالانی دواتر هەر کەسێک لە سێدارە بدات تەرمەکەی نەداتەوە بە کەسوکاری لە ترسی ئەوەی نەوەکو خۆپیشاندان و ڕاپەڕین ئەنجام بدرێت ([15]).ئەم ڕووداوە لە کۆیە و شارەکانیتر ڕەنگدانەوەی زۆری کردە سەر خەڵک ، بەتایبەت لە شاری کۆیە بەردەوام دروشم و هوتاف لە دژی حیزبی عس دەنوسران و بلاودەکرانەوە ([16])دام و دەزگاکانی بەعس نەیان دەهێشت گەنجەکان بەیەکەوە کۆببنەوەو ڕابوەستن، تەنانەت کاریگەری

[13] - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د. شۆڕش حسن عومەر ، سلێمانی ، ١٩ / ١٢ / ٢٠١٤ . ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٩ لە دایک بووە، ئەوکاتە خوێندکاری ئامادەیی کۆیە بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە، بەڵام بە هۆی شەڕی ناوخۆی پارتە بەرهەڵستکارەکانی باشوری کوردستان هاتۆتەوە کۆیە .

[14] - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نەرمین عوسمان حەسەن ، سلێمانی، ٢١ / ١٢ / ٢٠١٤ . ناوبراو لە ساڵی ١٩٥١ لە دایک بووە، زانکۆی بەغداد کۆلێجی پەروەردە،، بەشی ماتماتیکی لە ساڵی ١٩٧٢ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧١ پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەر، ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە .

[15] - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ رابەر سەید برایم ، کۆیە ٢٧ / ١١ / ٢٠١٤ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەهیە حسێن تەها، ٢٨ هەولێر ١١ / ٢٠١٤. بەهیە حسێن لە ساڵی ١٩٥٧ لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات، لە کاتی بەخاک سپاردنی تەرمی جەعفەر عەبدولواحید بەشداری دەکات، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی یە، ئێستا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆستەو گەیاندنی هەولێر.

[16] – چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شۆڕش عەزیز نەجیب ناسراوبە( شۆڕشی گولە باخ )، ڕانیە، ڕۆژی ٨ / ١١ / ٢٠١٤.

لەسەر گەنج دروست کردو لە بواری نیشتمانی نەتەوایەتی شوێن پێی خۆی بەجێ هێشت، بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەک لە گەنجەکان لە شۆڕشی نوێدا کۆیە بەجێ بهێڵن و ببنە پێشمەرگە ([17])

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتمە چەند ئەنجامێکی گرنگ کە لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان پێدەکەم ...

١. داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزو دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و هێنانی فەیصەڵ کوری شەریف حوسێنی لە مەکە، نەک نەیتوانی کێشەکانی نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکانی عێراق چارەسەر بکات، بەڵکو تا ئێستاش ئەو کێشەو گرفتانە هەر ماون و رۆژ بە رۆژ بارودۆخی عێراق ئاڵۆزترو دژوارتر دەکات.

٢. سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق سەرەتایەکی پڕ لە کێشە بوو، بە خۆپیشاندان و راپەڕین و شۆڕش دەستی پێکرد، ئەمەش ساڵ لە دوای ساڵ وەک مۆدێلێکی سیاسی لێهات و بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتداریتی و حوکمڕانی عێراق بەردەوامی هەبوو لەم پێناوەش دا بە سەدان و هەزاران کەس بوونەتە قوربانی ، تەنانەت خودی دەسەڵاتداریتی حوکەتی عێراق دەستی بالای هەبووە لە کوشتن و سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی کە بەردەوام لە خۆپیشاندان و راپەڕیندابوون بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانیان لە ئازادی و مافی چارە نووس.

٣. خەڵکی کوردستان بە گشتی و شاری کۆیە بە تایبەتی بەردەوام لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بەگژ سیاسەتە خراپ و نارەواکانی دەسەڵاتدارانی عێراقدا چوونەوەو هەر کاتێک بڕیارێکی نارەواو خراپ

---

[17] - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د. نازەنین عوسمان حسن ، کۆیە ١٨ / ١٢ / ٢٠١٤ . لەگەڵ نەرمین عوسمان حسن ، سلێمانی ١٩/ ١٢ / ٢٠١٤ . نازەنین عوسمان حسن لە ساڵی ١٩٥٦ لە دایک بووە، بەهۆی ئەوەی فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە لە ساڵی ١٩٧٩ زانکۆی موسڵ بەجێدەهێڵیت و ساڵی ١٩٨٠ دەچێتە ناو ریزەکانی پێشمەرگەو دواتر دەچێتە فەرەنساو بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆرا لەوێ تەواو دەکات، ناوبراو خوارزای جەعفەر عەبدولواحیدەو لە نزیکەوە ئاگاداری رووداوەکان بووە .

بەرامبەر کورد دەرچووبێت، سەرشەقامیان گرتووەو دەستیان کردووە بە خۆپیشاندان و راپەڕین، زۆربەی جاریش راپەڕینەکان زۆر بەهێز بوون و چەندین بڕیاری حکومەتیان هەڵوەشاندۆتەوە.

٤. خەڵکی کۆیە کەسانێکی خوێندەوارو رۆشنبیرو نوسەر بوون لە کۆنەوە بەشداریەکی گرنگیان لە حوکمڕانێتی کردنی عێراق دا هەبووە، سەرکردەی گەورەو مەزنی لێ هەڵکەوتووە، ئەوە جگە لەو شاعیرو زانا ئاینیە گەورانەی کە لە کۆیەو دەوروبەریدا هەبوون کە سەرجەمیان کاریگەریان لەسەر وشیارکردنەوەی خەڵکی کۆیە هەبووە لەوانە حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە

٥. لەبەرامبەر ئەو خۆپیشاندان و راپەڕینانەی کە خەڵکی کۆیە لە سەردەمی پاشایەتی و دواتر سەردەمی کۆماری و حیزبی بەعس دا ئەنجامیاندا ، بە توندترین شێوە وەڵام دراونەتەوەو بە دەیان کەس لە خەڵکی خۆیەو دەوروبەری بوونە قوربانی و بە سەدان کەسیشیا گیراوەو زیندانی کراوە، ئەوە جگە لە بۆردومانکردن و هێرش و پەلاماردانی ناوچەکە، تەنانەت لەسەردەمی حیزبی بەعس دا بریاری بچوککردنەوەی شاری کۆیە درا تەنانەت رێگەیان نەدەدا یەک خانوو دروست بکەن بە ناوچەیەکی قەدەغەکراو ناسرابوو، چونکە لانکەی شۆڕ و بەرخودان بوو.

## سەرچاوەکان :

### یەکەم / سەرچاوەی کتێب

### أ- کتێب بە زمانی کوردی

١. عەبدوڵڵا، ئازاد عەلی، ٢٠٠٣، شۆرشی مەشخەڵانی نوێی کوردستان(١٩٨١ – ١٩٨٨)، ، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.

٢. مستەفا، ئاراس عبدالرحمن، ٢٠٠٩ ، راپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە باشوری کوردستان ، ، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی،

٣. خۆشناو، ئەبوبەکر، ٢٠٠٢ ، شیعری بەرەنگاری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رووناکبیر، سلێمانی.

٤. بانیخێڵانی ئەحمەد، ١٩٩٧، بیرەوەرییەکانم ، ستۆکهۆڵم ، سوید،

٥. میره، ئەحمەد: ٢٠١٢، کاریگەری بزوتنەوە رۆشنبیری و ئەدەبییە کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی باشووری کوردستان ١٩٧٠- ٢٠٠٣، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
٦. تاڵەبانی، جەلال، ٢٠١١، کوردستان و بزوتنوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی، ح،أ ، له بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، سلێمانی.
٧. تەیب، جەمال فەتحولا، ٢٠٠٧، کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨
٨. نەبەز، جەمال، کوردستان و شۆڕشکەی، چاپی سێیەم، هەولێر.
٩. جۆلا، چێنەر عەلی، ٢٠٠٤، پاکتاوی نەژادی لە کوردستان دا، هۆکارو چارەسەرکردن لە نێوان یاساو مافەکانی مرۆڤ دا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ئەزمەر، سلێمانی،.
١٠. شالیان، ژێرار، تراژیدیای کورد، راپۆرتێک بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە وریا رەحمانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٠.
١١. دیڤید مەکداوڵ، ٢٠٠٥، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی. ئەبوبکر خۆشناو، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،.
١٢. حەوێزی، طاهر ئەحمەد، ١٩٦٢، مێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی الوفاو، بغداد.
١٣. عبدالخالق، علاء الدین: ٢٠٠٩، مەلای گەورە زاناو ئەدیب و شاعیر، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر،.
١٤. رەسوڵ، فاتح ، ١٩٩٧، لە کاروانێکی دورو درێژدا کورتەی خەبات و ئەزمونی پەنجا ساڵ، ستۆکهۆڵم،.
١٥. عەبدوڵڵا، فەرەیدون عەبدولڕەحیم ، ٢٠٠٨، بارودۆخی سیاسی کوردستان-عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ ی مارتی١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر،.
١٦. ئەسەسەرد، فەرید ، ٢٠١٣، کەیوان سەعید و ئەوانیتر : ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی،
١٧. بۆتانی، کاکەمەم، ١٩٩٨، کاکی کاکان ، خەباتی سیاسی ساڵانی ١٩٢٤-١٩٦١ ی سەرکردەی نەمر عومەر دەبابە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر،.

١٨. یەڵدز، کەریم، ٢٠٠٧، کورد لە عێراق، وەرگێڕانی ، شاهۆ بورهان، چاپخانەی کارۆ، بێ شوینی چاپ.
١٩. مەزهەر، د. کەمال ، ١٩٨٥، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی الادیب لبغدادیە، بەغداد.
٢٠. مەزهەر، کەمال: ٢٠٠٩، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیدا، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی عەبدوڵلا زەنگەنە، شەهلا تاهیر حەیدەری ، چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان.
٢١. مەزهەر، د. کەمال، ٢٠٠١، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢٢. قادر، مەهدی محەمەد، ٢٠٠٥، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
٢٣. زەکی، نەبیل، ٢٠١٠، کوردەکان، وەرگێڕانی ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

## پ- كتێب بەزمانی عەرەبی

٢٤. احمد، د.ابراهيم خليل ، د. جعفر عباس حميدي، ١٩٨٥، تاريخ العراق المعاصر، وزارة التعليم والبحث العلمي، موصل،
٢٥. عبدالله، أبو اسلام احمد، ١٩٩٠، صدام حسين ، نشأة، التأريخ، الجريمة ، الطبعة الثانية، بيت الحكمة، مصر.
٢٦. رسول، اسماعيل شكر ، ٢٠٠٣، أربيل ، دراسة تأريخية في دورها الفكري والسياسي ( ١٩٣٩-١٠٥٨)، اربيل.
٢٧. حميدي، جعفر عباس ، ١٩٨٠، التطورات والاتجاهات السياسية الداخلية في العراق ١٩٥٣-١٩٥٨، بغداد.
٢٨. جواد، د.سعد ناجي، ١٩٩٠، العراق والمسألة الكردية ١٩٥٨-١٩٧٠، لندن.
٢٩. الحسني، عبدالرزاق، ١٩٨٨، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء السادس، الطبعة السابعة، بغداد.
٣٠. الحسني، عبدالرزاق ، ١٩٨٩، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء الثامن، مطبعة دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
٣١. البراک، فاضل ، ١٩٨١ ، استراتيجية الامن الداخلي، وزارة الثقافة والاعلام، دار الحرية، للطباعة، بغداد.

٣٢. الكاظمي، نصير سعيد ، ١٩٨٦، الحزب الشيوعي والمسألة الزراعية في العراق، مركز دراسات وابحاث الاشتراكية في العالم العربي، دمشق.
٣٣. هيكل، محمد حسنين، ١٩٩٦، ملفات السويس ، الطبعة الثانية، القاهرة.
٣٤. عفلق، ميشيل: ١٩٧٤، نقطة البداية، بيروت.

**دووەم بیرەوەری**

٣٥. نوری، بەهادین ، ٢٠٠١، بەشی یەكەم، ، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای دیموكراسی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
٣٦. مەلا حەسەن، فەتاح تۆفیق فەتاح : ٢٠٠٨، حەفتاوشەش ساڵ ژیانپەنجاو نۆ ساڵ تێكۆشان: چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
٣٧. هەریری، نەجمەدین مامۆ: ٢٠٠٩، بەرگی یەكەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
٣٨. فەیاز، مەعد: ٢٠٠٩، بەشێك لە بیرەوەریەكانی مام جەلال، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە، سۆران عەلی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٣٩. محەمەد، مەسعوود، ٢٠٠٩، گەشتی ژیانم، چاپی سێیەم ، كۆیە.

**سێیەم / بڵاوكراوەی رێكخراوو كۆمەڵەكان**

٤٠. وۆچ، میدڵ ئیست، ٢٠٠٤، جینۆساید لە عێراقدا، وەرگێڕانی. محەمەد سالح تۆفیق، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

**چوارەم / گۆڤارو رۆژنامە**

**أ- گۆڤار بە زمانی كوردی**

٤١. فرەج، هۆگر محمود ، ٢٠٠٧ ، زانكۆی كۆیە ( گۆڤار ) ژمارە ( ٧ ) ، ئەیلولی.

**ب- گۆڤار بە زمانی عەرەبی**

٤٢. الهموندی، محمد، ١٩٩٢، فكره قانونيه لفكره الحكم الزاتی وتكبيقها فی كوردستان العراق، دراسات كرديه،( مجله) العدد (٣).
٤٣. شارەزا، كەریم، ١٩٩٧، لمحه عن تاريخ كويسنجق وانحائها، زاگرۆس ( مجله )، العدد ( ١ )، اربيل، ئ‌زار.
٤٤. محمد، زياد اغا الغفوری ١٩٤١-١٩٩١، ٢٠٠٩ ، نائب كويسنجق ومذكره دفاعه عن البارزانيين المعتقلين فی العهد الملكی ، صوت الاخر ( مجله ) ، العدد (٢٤٧ )، اربيل .

**شەشەم / چاوپێکەوتنەکان**

٤٥. بەهێ حسێن تەها، هەولێر، ٢٨ / ١١ / ٢٠١٤.

٤٦. رابەر سەید برایم ، کۆیە ٢٧ / ١١ / ٢٠١٤ .

٤٧. شۆڕش عەزیز نەجیب ناسراوبە( شۆڕشی گولە باخ )، رانیە، ڕۆژی ٨ / ١١ / ٢٠١٤.

٤٨. د. شۆڕش حسن عومەر ، سلێمانی ، ١٩ / ١٢ / ٢٠١٤

٤٩. د. نازەنین عوسمان حسن ، کۆیە ١٨ / ١٢ / ٢٠١٤ .

٥٠. نەرمین عوسمان حسن ، سلێمانی ٢١/ ١٢ / ٢٠١٤

## ملخص البحث

## مظاهرات مدينة كۆيه ضد السياست المتعاقبة في الحكومة العراقية

يتحدث هذا البحث عن التجمعات والتظاهرات التي شهدتها مدينة كويسنجق في كوردستان الجنوبية حيث كانت رد فعل تجاه السياسات الخاطئة التي اتبعتها الحكومات العراقية المتعاقبة منذ العهد الملكي الي نهاية الحكم البعثي الطاغي مع الشعب الكردي في جنوب كوردستان الملحقة بالعراق. وتدخرجت هذه التظاهرات في مدينة كۆيسنجق اندلعت عن ردود الفعا ازاء سياسات الحكومات العراقية ورفقت العديد من الشعارات المناوئة لتلك السياسات أنذاك وطالبت بتحقيق العديد من المطالب السياسية والاجتماعية لسكان هذه المدن والمناطق وعبرت أحيانا عن المطالب الشعبية لشعب كوردستان العراق في الوقت الذي لم تكن القوي متكافئة بين المتضاهرين والمنتفضين وقوات القمع لتلك الحكومات الجائرة.

لقد أفتضت طبيعة البحث أن يكون البحث علي فصلين . يتناول الفصل الاول منه بروز المسألة الكوردية في نهاية الحرب العالمية الاولي وسياسة الانكليز في كوردستان بشكل عام وفي أربيل وكويسنجق بشكل خاص . ورد فعل شعب كويسنجق أزاء تلك السياسة والتعبير عنه بالمظاهرات والانتفاضات الشعبية ابان الاحتلال البريطاني والعهد الملكي في أعوام ١٩٢٠، ، ١٩٤١، ١٩٤٨...الخ. وكانت تلك المظاهرات أحيانا دعما لانتفاضات ومظاهرات جماهير بغداد وأربيل والسليمانية. ويتانول الفصل الثاني المظاهرات في أعوام (١٩٥٢-١٩٥٥-١٩٥٦-١٩٧٦ )

# Abstract


## Demonstrations of koya Against Successive Authority of Iraq (1920-1976)

In the aftermath of the 2nd world war, Britains and their allies won over their rivals. From this point, Britains espoused a new policy and imposed their mandatory over a new country they created in the Arabian Gulf, called Iraq. This was encountered by rejection and frustration of Iraqis, for example, many confrontations and demonstrations took place and, eventually, led to the breaking out of "1920 revolution".

Kurds took a massive part in these demonstrations and they were determined to reject the Britain ruling on their land. Therefore, Kurds demanded "Sever treaty" to come into practise so that they would have their rights. Nonetheless, Kurds did not surrender to the reality and continued to make great efforts to have their demands fulfilled, particularly after "1930 revolution", when Kurdish revolutions entered a new era. For instance, they moved their operations from mountains to residential areas. Thus, many strikings and revolutions broke out in Kurdistan, in particular in the town of Koya during the monarchy era (1948-1920) and also during the era of republication, which began in 1952 and still ongoing.

The aim of this study is to investigate the role of people in Koya in their confrontations against the aggressive policy of persistent governments in Iraq towards Kurds and their legitimate rights. To gain their rights, people in Koya and its surroundings strived and sacrificed for a long time to get their rights. This research is a first significant step into the investigation of this area and many useful and important resources were used, including books, diaries and interviews. This area is also worth to be further investigated because there are many unexplored aspects of sufferings of the people in Koya need to be recorded in history.